پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۲
سال ۹، شماره ۱، پیاپی ۱۵

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2023
Vol. IX, No. 1, Series 15

# ململانێی خود و بابەت لە ڕۆمانی *بەندەر فەیلی* بەختیار عەلی لەسەر بنەمای مۆدێلی کردەنوێنی گریماس

هەرێم عوسمان مەعرووف (نووسەری بەرپرس)[1]؛ عەلی تاهیر بەرزنجی[2]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۰۱ آذر ۱۴۰۱؛ تاریخ پذیرش: ۱۰ اردیبهشت ۱۴۰۲؛ صص. ۱۵۹-۱۷۵

**DOI:** https://doi.org/10.22034/jokl.2023.62661

## کورتە

گریماس یەکێک لە دامەزرێنەرانی گێڕانەوەناسیی فەرەنسایە بە کاریگەریی فۆرمالیست و بونیادگەراکان، هەوڵی‌داوە ئەو دوو قوتابخانەیە بە سیمۆلۆجییەوە موتوربە بکات و تیۆریی واتا لە گێڕانەوەدا دابمەزرێنێت. گریماس لە تیۆرییەکەی‌دا جەخت لەسەر واتا دەکات؛ ململانێی خود و بابەت لە مۆدێلی کردەنوێن‌دا[1] وەک بنەمای بەرهەمهێنانی واتا دەبینێت؛ پێی‌وایە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا واتا لەدایک‌دەبێت، واتاش سەر بە بونیادی قووڵە و گوتاری دەق لە ڕێگەی زنجیرە وێنە داهێنراو و بەرجەستەکانەوە دادەمەزرێت. لەم توێژینەوەیەدا دەقی پراکتیکمان ڕۆمانی تازە بڵاوکراوەی بەختیار عەلی‌یە بە ناونیشانی *بەندەر فەیلی*، کە لەبەر ڕۆشنایی چەمکەکانی کردەنوێن شیکاریی دەکەین. بەندەر وەک بابەتێک بۆ بکەری بەعس و سیستمەکەی، لە زیندانی ئەواندا لەدایک‌دەبێت و ژیانی لەوێ دەبێت؛ ئەمەش وا دەکات ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی ئاڵۆز. بەعس دەیەوێت شوناسی بسڕێتەوە و بیکاتە بەشێک لە خۆی. ئەم خواستە دەبێتە جووڵێنەری ڕۆمانەکە و لە کۆتایی‌دا بەعس شکست دەهێنێت و بەعسییەکان سزا دەدرێن؛ بکەرێکی نوێی وەک ئەمریکا دێت و بەندەر ڕزگار دەکات، بەڵام ئازادی ناکات. وێنەی بنەڕەتیی ڕۆمانەکە خۆی لە زنجیرە وێنە واتاییەکانی ئازادی و بەندێتی‌دا دەبینێتەوە، کە گریماس ئەمە ناودەنێت وێنە و نیشانەی گەردوونی و لە چەندین وێنۆچکە پێکدێت. بەندەر لە نێوان ئازادی و بەندێتی‌دایە، کە هاوشێوەی ناوەکەیەتی؛ بەندێکی ڕوو لە دەرە. لە کۆتایی‌دا بەندەر لە زیندان ڕزگار دەکرێت، بەڵام هەستدەکات نا- ئازادە، لەبەرئەوە عێراقییەکان بەندەر بۆ تۆڵەکردنەوە لە بەعسییەکان هاندەدەن، بەڵام لە دەمی تۆڵەدا نەخۆش دەکەوێت. ئەو نەخۆشییەش نیشانەی تەندروستبوونە، چونکە بەندەر لە بەندی وەک لە ئەوانچوون ڕزگار دەکات. لەم باسەدا بەهۆی سێ دوانە کردەنوێنەکەی گریماسەوە شیکاری ڕۆمانەکە دەکەین و هەوڵدەدەین بەشێک لە ڕووبەرە دیار و نادیارەکانی ڕۆشنبکەینەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** خود؛ بابەت؛ گریماس؛ کردەنوێن؛ گێڕانەوە؛ ڕۆمانی *بەندەر فەیلی*.

## چکیده

گریماس از پایه‌گذاران مکتب روایت‌شناسی فرانسه با تأثیر از ساختارگرایان و فرمالیست‌ها سعی نموده است این دو مکتب را با نشانه‌شناسی تلفیق دهد و نظریه معنا در روایت را بنیان نهد. گریماس بر روی مسئله معنا تمرکز کرد و کشمکش میان خود و ابژه در کنش مدلی را به عنوان اصل تولید معنا قلمداد می‌کند. معنا طی فرآیند روایت تولید می‌شود. این پژوهش تحقیقی است که بر مبنای اصطلاح کنشگری گریماس به تحلیل رمان جدید بختیار علی به نام بندر *فیلی* می‌پردازد. بندر به‌عنوان یك ابژه برای بعثی‌ها و سیستم آنها، در زندان بعثی‌ها به دنیا می‌آید و با شخصیت پیچیده بزرگ می‌شود. بعثی‌ها می‌خواهند هویت بندر را از او مصادره کنند و هویتی بعثی به او ببخشند. این مسئله به عنوان روایت داستان در پایان به شکست بعثی‌ها و مجازات آنها منجر می‌شود؛ یک نیروی تازه یعنی آمریکا بندر را آزاد می کند. تصاویر اصلی رمان حاوی زنجیره‌ای از تصاویر مربوط آزادی و بندگی است. گریماس آنها را تصاویر سپهر نشانه‌ای نام نهاد که از در کنار هم قرارگرفتن چندین تصویر کوچك تشکیل می‌شوند. بندر در میان آزادی و بندگی قرار دارد. در پایان رمان بندر رهایی می‌یابد اما احساس می کند هنوز فاقد آزادی است، زیرا عراقی‌ها بندر را برای انتقام از بعثی‌ها تحریك می‌کنند. اما بندر در زمان انتقام مریض می‌شود که نشانه‌ای است برای سلامتی او زیرا بندر را از همرنگ‌بودن با جماعت نجات می‌دهد. این پژوهش بر مبنای اصطلاحات سه‌گانه کنشگری گریماس پایه‌ریزی شده است که سعی خواهیم کرد ابعاد ناشناخته‌ی آن را موشکافی کنیم.

**واژگان کلیدی:** خود؛ ابژه؛ گریماس؛ کنشگری؛ روایت؛ رمان بندر *فیلی*.

## ۱- پێشەکی

یەکێک لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی گێڕانەوەناسی بۆ بەرهەمە دیارەکەی ڤلادیمیر پرۆپ، *مۆرفۆلۆجیی حەکایەت*، دەگەڕێتەوە. پرۆپ بونیادە هاوبەش، نەگۆڕ و بەدوای‌یەک‌هاتووەکانی حەکایەتی دەرخست و پێی‌وابوو کردەی کەسێتییەکان لە ۳۱ ئەرکدا کۆدەبنەوە و ۷ جۆر کەسێتییش هەیە. گریماس بەسوودوەرگرتن و ڕەخنەکردنی پرۆپ، تیۆرییەکەی خۆی دامەزراند کە لە گێڕانەوەدا جەخت لەسەر واتا دەکات. واتا بۆ گریماس بنەڕەتییە و لە چەند ئاستی جیاوازدا ئەگەری سازبوون و بەرجەستەبوونی هەیە، لە ڕێکخستن و دەرکەوتنی لە گێڕانەوەدا، لە بونیادی گوتاری گێڕانەوە کە پەیوەستە بە شێوەگرتنی

1 The Actantial Model

١. بەشی فیزیا، کۆلێجی زانست، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، کوردستانی عێراق harem.maruf@univsul.edu.iq
٢. پرۆفیسۆر، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی، کوردستانی عێراق ali.hussein@univsul.edu.iq

بونیادی ڕێزمانی گێڕانەوە، لەگەڵ کاریگەریی ئەرک و کردەنوێنەکان. واتا لە ئاستی بونیادی قوڵیشدا دەردەکەوێت کە خۆی لە گەردونییەت و گەردوونۆچکەی نیشانەییدا دەبینێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو وێنە نموونەیی و هێشووە وێنەییانەوە کە گوتاری دەق لە بونیادی ڕووکەشدا بەرهەمیان دەهێنێت.

ڕۆمانی *بەندەر فەیلی* نموونەیەکی دیاری ململانێی توند و نەرمە لە نێوان خود[2] و بابەت[3]، کە خود دەیەوێت دەست بەسەر بابەتەکەیدا بگرێت و بیکاتە بەشێک لە خۆی و شوناسی کوردبوون و فەیلیبوونی بسڕێتەوە. بابەتیش بەهۆی شێوەنەگرتنی کەسێتیی و لەدایکبوونی لەناو ماڵی بێگانە-خوددا، لە دەرەوەی ماڵ و بێ ماڵیدا، هەستی بۆ ماڵی خود هەیە؛ لە ماڵی بێگانەشدا زیندانە. هەندێک لە زیندانییەکان هەوڵی لەگەڵ دەدەن یاخی بێت لە ماڵ و حیزبی دیکتاتۆر. هەڵهاتنی لە ماڵ/زیندان و گەڕاندنەوەی، هۆکاری گۆڕانی ماڵ(زیندان) دەبێت بۆ زیندانی ڕووت. ئەم سزایەش تا ئاستی سڕانەوەی یادەوەری و ئارەزووی مەرگ دەڕوات. لە کۆتاییدا هێزێکی یاریدەدەری وەک ئەمریکا دێت و بەندەر ڕزگار دەکات، بەڵام ئازادی ناکات؛ لەبەرئەوە بەندەر تا مردن هەستدەکات نا-ئازادە و ئەمەش دەبێتە نەخۆشییەک و لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوە.

هۆی نووسینی ئەم وتارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەناو کایەی ڕەخنەی ئەدەبی و گێڕانەوەناسیی کوردیدا کارکردن بە تیۆریی گریماس کەمە، هاوکات ڕۆمانی *بەندەر فەیلی*ش تازە بڵاوکراوەتەوە و هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر نەکراوە، بۆیە بە گەڕخستنی ئەو چەمک و زاراوە گریماسییانە بۆ ئەم ڕۆمانە نوێیە، پاساوێکی لۆجیکی هەیە. بابەتی ڕۆمانەکەش گرنگە و پێمانوایە ڕۆماننووس بە مەبەست و ئاگایی لەو تێگەیشتن و هەستە نۆستالژی و لارەی هەنووکە بۆ ڕژێمەکە لای بەشێکی زۆری کوردی باشوور هەیە، ئەم ڕۆمانەی نووسیوە. ئێمەش بەهۆی ڕەچاوکردنی ئەو گوتارە گرنگە ئەم ڕۆمانەمان هەڵبژاردووە. سەبارەت بە پرسی سەرەکیی وتارەکەشمان، هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە:

١. ئایا تیۆریی گریماس بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی ناوبراو گونجاو و بەکەڵکە؟ دەتوانێت پرسیارساز و وەڵامدۆزی بەشێکی بنەڕەتیی دەقەکە بێت؟

٢. تا چەند دەتوانین مۆدێلی کردەنوێنی گریماس لەناو دەقەکەدا بەرجەستە بکەین؟

بونیادی مۆدێلی کردەنوێنی گریماس لەناو دەقەکەدا لە چەند ئاست و پانتایی جیاوازدا هەیە. ئەمەش وا دەکات ئەگەری پەیوەندیی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی مۆدێلەکە خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێت و لەگەڵ گوتاری بنەڕەتیی دەقیشدا شێوەی جیاواز بنوێنێت. هاوکات دوانەی یاریدەدەر و ڕێگر لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ئاوێتەدان، ئەمەش پەیوەندی بابەت و خودە، کە بابەت پێشتر وێنەیەکی ئامادەکراوی هەیە و ناکۆکە بە خودی خۆی.

لە درێژەی وتاری بەردەستدا، لە بەشی تیۆریدا سەرەتا دەروازەیەکمان بۆ ناساندنی سیمۆلۆجیی گێڕانەوە و ڕۆڵی گریماس لەم قوتابخانەیەدا باسکردووە، پاشان ئاوڕمان لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو مۆدێلی کردەنوێن و زنجیرەی گۆڕانەکان کە پێکهێنەری گێڕانەوە و بەرهەمهێنەری واتان، داوەتەوە و پەیوەندیی نێوانیانمان ڕۆشنکردۆتەوە. بەهۆی چەمکەکانی ناو ئەم مۆدێلەوە، لە بەشی سەرەکی وتارەکەشدا لەژێر ڕۆشنایی چەمکە باسلێکراوەکانی بەشی تیۆریک، خوێندنەوەمان بۆ دەقی ڕۆمانی *بەندەر فەیلی* کردووە. بەر لەمەش ناساندنێکمان بۆ ڕۆمانی ناوبراو کردووە. لە کۆتاییشدا ئاکام و دەستکەوتەکانی توێژینەوەکەمان لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرچاوەکان خستۆتە بەردەست.

## ٢- بنەمای تیۆریک

### ٢-١- دەروازە، پێشینەی هزری گریماس و پێگەی لەناو گێڕانەوەناسیدا

گێڕانەوەناسی[4]مێژوویەکی دێرین و نوێی هەیە. ڕەچەڵەکی زاراوەی گێڕانەوە بۆ Narrara لاتینی و Gnarus یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای ناسین و زانین دێت. گێڕانەوەناسی لە یۆنانی کۆن و لای ئەرستۆ ئاماژە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، بەڵام زاراوەی گێڕانەوەناسی بۆ یەکەمجار تۆدۆرف لە کتێبی *ڕێزمانی زمانی دیکامیرۆن*دا بەکاریهێناوە و بە شێوەیەکی

[2] Subject

[3] Object

[4] Narratology

نوێ ئەم چەمکەی خستۆتە بەرباس (مکوئیلان، ۱۳۹۵: ۱۱). گێڕانەوەناسی بە سێ قۆناخی سەرەکیدا تێپەڕیوە: پێش-بونیادگەری تا ۱۹۶۰، بونیادگەری لە ۱۹۶۰ تا ۱۹۸۰، پاشبونیادگەری لە۱۹۸۰ تا ئێستا (مکاریک، ۱۳۸۳: ۱۴۹). یەکەم تیۆری گێڕانەوەش بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان و بەتایبەت بۆ کارەکەی پرۆپ لەسەر شێوەناسیی چیرۆکە میللییەکان ۱۹۲۸-دەگەڕێتەوە. هاوکات وەک زانست و لقێکی گرنگ لە ئەدەبیاتناسی، ڕیشەکەی بۆ بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە (عباس و مرادی، ۱۳۹٦: ۲٦۱). سەرچاوەی سەرەکیی هزری بونیادگەری بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتییە دەگەڕێتەوە کە سۆسێر لە زمانناسیدا هێنایەئاراوە، بەڵام گۆڕانی جیهانبینیی ئەدەبناسی لە پاش سەدەی بیست سەرچاوەکەی بۆ فۆرمالیست و بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە (صفوی، ۱۳۹۸: ۱۰٦). لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە بونیادگەر و پاش بونیادگەرەکان لە چوارچێوەی ئەدەبناسیی پوخت نەمانەوە و پەنایان بۆ پانتایی و بوارە جیاوازەکانی دەرەوەی دەق برد تا لە دەق تێبگەن. لەم نێوەندەشدا سیمۆلۆجیی نوێ ڕۆڵی گرنگی هەبوو کە ڕیشەکەی بۆ سۆسێری فەرەنسی و پێرسی ئەمریکی دەگەڕێتەوە (سیبیاک، ۱۳۹۹: ۲۹-۳۰).

گێڕانەوەناسی لەناو پانتایی دونیایەک ڕێباز و تیۆریی ئەدەبی دەرکەوت، بەتایبەتیش لەناو زەمینەی فۆرمالیست، بونیادگەری و سیمۆلۆجی‌دا. ئەم زەمینە هاوبەشانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە؛ چەندین چەمک و زاراوەی هاوبەشیان هەیە. زۆرێک لە گێڕانەوەناسان ئەگەر فۆرمالیست و بونیادگەر نەبن، ئەوا بونیادگەر و سیمۆلۆجیستن. تیۆریی نیشانە-واتاناسی گێڕانەوەی گریماس تێهەڵکێشی بونیادگەری و سیمۆلۆجییە، بەڵام لە جیهانبینیی فۆرمالیستی خاڵی نییە. ئەوەش بڵێین کە بونیادگەری ئاسۆیەکی فراوانتری بۆ جیهانبینیی فۆرمالیستەکان لەبارەی ئەدەبناسی کردەوە؛ نیشانەناسیش بۆ بونیادگەری هەمان ڕۆڵی گێڕا، بە جۆرێک وەک ڕزگارکەر و ناوەندی پەڕینەوە بوو کە بونیادگەری لە قەیران ڕزگارکرد و لە پاشبونیادگەری نزیکی کردەوە (شارەزووری، ۲۰۱۵: ۱۲۸)، کە گریماس و ڕۆلان بارت دەکەونە هەناوی ئەم گۆڕانەوە و خۆیان تیۆری‌سازن.

گریماس بە کاریگەریی زمانناسی سۆسێر و ئەو گۆڕانانەی هلمسێلف زمانناسی دانیمارکی، لە تیۆریی نیشانەناسی سۆسێردا ئەنجامی‌دان بەشێک لە تیۆرییەکەی بونیادنا و گۆڕانیشی بەسەردا هێنا. گریماس دەڵێ: «نیشانەناس پێی شەرم نییە هزری ئەوانی‌تر هەڵبگرێتەوە و زانینی ئەزموونی لەوانی‌ترەوە بگوێزێتەوە: ئەوە چییە ئەو شتەی کە لەناو گەڕانماندا بە ڕیشە فەلسەفییەکانی سۆسێر یان هلمسێلف نایدۆزینەوە؟ ئەوەی لای نیشانەناس گرنگە جوتکردنی ئەم هزرانەیە لەگەڵ دیفاکتۆی کایە مەعریفییەکەی خۆیدا» (غریماس، ۲۰۱۸: ۱۱۲). نیشانەناسیی هلمسێلف بەپێچەوانەی نیشانەناسیی سۆسێرەوەیە، کە پەیوەندیی دال و مەدلول لە دەستتێوەردانی دەرەکی و دونیای دەرەوە خاڵییە. هلمسێلف دال و مەدلول بە فۆرم و ناوەڕۆک دەگۆڕێ و پەیوەندییەکەشیان وەک پەیوەندیی دنیای دەرەوە و ناوەوە دەبینێت و هۆی دەرەکی دەهێنێتە ناو پەیوەندییەکەو ە(شعیری، ۱۳۸۸: ۳۸). هاوکات گۆڕان و گواستنەوەکەی گریماسیش ئەوەیە کە پێی‌وایە پەیوەندیی لە خۆوەی دال و مەدلول بەبێ سانسۆری ئەندێشەی مرۆڤ بەدی‌نایەت؛ سازانی نیشانە لە دال و مەدلولدا لە هەناوی دەستتێوەردان و سانسۆری ئەندێشەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت؛ «**سازانیش** یەکێکە لەو پێوەرە کەمانەی هەقیقەت کە مرۆڤ ئەندێشەی کردووە» (Greimas، ۱۹۸۷: ٦۱).

گریماس وەک پاش بونیادگەرێک پێی‌وایە خودی دال دەبێتە واتا و نەبوونی واتاش واتایە؛ دابڕان لە واتاش واتاسازییە، لەبەرئەوە نیشانە لای گریماس پەیوەست بە ئەدەب و گێڕانەوەوە لە پەیوەندی بە ئەزموون-هەست و سۆز و لایەنی ڕۆحی، تێگەیشتنی زەینی دەرەخسێت (گرمس، ۱۳۸۹: ۳۹-۵۷)؛ بۆیە بە کاریگەریی هلمسێلف نیشانەی لە دۆخی میکانیکی بۆ بزۆز و دینامیک گۆڕی. گێڕانەوەش وێنەیەکە کە پەیوەندی لە نێوان گێڕانەوەی گواستنەوە و گێڕانەوەی گوێزراوە [باسلێکراو] دەسازێنێت (سرکاریزی و ئەوانی‌تر ۱۳۹۸: ٦۱). گریماس گێڕانەوەی گواستنەوە وەک گوتار و گێڕانەوەی گوێزراوەش وەک چیرۆک ناودەنێت؛ هەروەها جیاوازیی بەرهەمهێنانی واتا پەیوەستە بە گێڕانەوەی چیرۆک و گوتارەکەی. بونیادی قووڵ و واتاش لە ڕەوت و زنجیرەی گێڕانەوەدا ڕوو لە ناوەڕۆکی گێڕانەوە دەکات، بەڵام ڕووگە و گوزەرزای گێڕانەوە[5] لە بونیادی سەربەخۆی گوتاردایە؛ لەبەرئەوە گوتاری گێڕانەوە پرد و گرێبەندی شێوە و ناوەڕۆکی دەقە (عباسی، ۱۳۹۵: ۵۱). هەر لەم

---

[5] گوزەرزای گێڕانەوە: مەبەست لەوەیە لە ڕەوتی گێڕانەوەدا ڕووداو دێتە ئاراوە.

بارەیەوە گریماسناسی ئێرانی حەمیدرەزا شەعیری دەڵێ: «سیستمەکانی گوتار پشت بە پرۆسە جووڵاو و بزێوەکانی زمان دەبەستن، کە گوتار بۆ کردەی زیندوو دەگۆڕێت، بەڵام لە درێژەی گێڕانەوەدا کردەی گوتار شێوەدەگرێت و کردەکەر (بکەر) بەهۆی بەرهەمهێنانی واتاوە هەنگاوبەهەنگاو خۆی بە ئێمە دەناسێنێت» (شعیری، ١٣٨٨: ٣٦). وەک دیارە جیهانبینی و تیۆریی واتا-نیشانەناسی گێڕانەوەی گریماس لەناو زنجیرەیەک قوتابخانە و تیۆریدا لەدایکبووە، پەیوەندیی نێوان یەکەکانی ناو مۆدێلی کردەنوێن تێهەڵکێشی چەند بیرکردنەوەیەکی جیاوازی ئەو ڕێچکە و تیۆرییە جیاوازانەیە. لە خوارەوە وردتر لەبارەی مۆدێلەکە دەنووسین و دەیناسێنین.

### ٢-٢- ئەرکی پرۆپ و کردەنوێنی گریماس

پرۆپ کردەوەی پاڵەوان و کەسایەتییەکانی حەکایەت بە بچووکترین یەکەی بونیادی حەکایەت دەزانێت، ئەو یەکەیەش ناو دەنێت ئەرک. ئەو لە توێژینەوەکەیدا لەسەر مۆرفۆلۆجی سەد حەکایەتی فۆلکلۆری ڕووسی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو چیرۆکەکان یەک پێکهاتەیان هەیە، ئەو پێکهاتەیەش لە ٣١ ئەرک چێ بووە کە لە ٧ بازنەی کردەوەدا لەلایەن پاڵەوان و بکەرەکانەوە جێبەجێ دەکرێن؛ واتە، بازنە یان گرووپی بکەرەکان لە ئەرکەکانەوە وەرگیراوە. کەواتە، ئەرک لای پرۆپ بریتییە لە «کردەوەی پاڵەوانی حەکایەت کە بەپێی ڕۆڵەکەی لە حەکایەتدا پێناسە دەکرێت» (پراپ، ١٣٩٦، ٥٣). پرۆپ بە دوو شێوە ئاماژە بە ئەرکەکان دەکات، یەکە گۆڕاو و یەکە جێگیرەکان. جێگیرەکان ئەوانەن هەمیشە لەناو پێکهاتەی حەکایەتدا هەن، وەک ئەرک و کرداری کەسایەتییەکان، گۆڕاوەکانیش ناوی کەسایەتی، کات و شوێن...هتدن، کە هەمەجۆریی حەکایەت بەرجەستە دەکەن (امین، ٢٠٢٢: ٣٧٣).

گریماس لەبەر ڕۆشنایی تیۆریی ئەرکی پرۆپدا توانیی تیۆرییەکی گشتگیر بۆ چەشنەکانی گێڕانەوە دابنێت و کۆمەڵێک چاکسازی لە تیۆرییەکەدا بکات؛ گەیشتە ئەوەی ئەرکەکان لە ٣١ بۆ سێ دوانە کردەنوێن کەم بکاتەوە. پێیوابوو پێناسەی ئەرک لای پرۆپ ناتەواوە، چونکە ئەرک لەسەر بناغەی بوونی کردەیەک دامەزراوە کە لێیەوە کەسێتییەک دیاریدەکرێت. بەپێی ئەوەش ئەرکەکە لە توێی پەیوەندیکردنیەوە بە یەکێک لە بازنەکانی کردەوە کە لە گێڕانەوەدا هەیە، چالاک دەبێت؛ لەبەرئەوە کردەنوێن بناغەی ئەرک و کەسێتییە (أونیس، ٢٠١٩: ١٥). ڕەخنەی گریماس لە پرۆپ خۆی لە فراوانکردنی بوار و چەمکەکان، کەمکردنەوەی ئەرکەکان و لە بنەڕەتیشدا گۆڕانی جیهانبینی بۆ دەق دەبینێتەوە. نووسەرێکی عەرەب پێیوایە، گرنگیدانی گریماس لە کاتی پێداچوونەوەی کارەکانی پرۆپدا بە مەبەستی فراوانکردن بریتیبوو لە سەرنج خستنەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی، کە بە هۆیانەوە حەکایەت فراوان دەبێت؛ ئەوانیش، سادەیی و گشتگیری؛ هەر لێرەوە بیرۆکەی گەڕان لە پشتی ئەو سادەییەوە هاتە ئاراوە، بۆ دۆزینەوەی ئاسۆی گشتگیر. پرۆژەکەی گریماس گەڕانێکە سنووری ئاشکرای سادە دەبەزێنێت، تا شاراوەی ئاوێتە بهێنێتە گۆ و بزانێت کامانەن ئەو نیشانانەی لە خۆیدا هەڵیگرتوون؛ بۆیە سنوورەکانی حەکایەت دەبڕێت و دەگاتە ئەدەبیەتی گوتار (بوعطیة، ٢٠١٣: ٥٣). بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی گریماس بەسەر چەمکی ئەرکی پرۆپدا هێنای، باسی مۆدێلی کردەنوێن دەکەین.

### ٢-٣- مۆدێلی کردەنوێن[6]

گریماس بە مەبەست زاراوەی کردەنوێنی[7] بەکارهێناوە و ویستوویەتی لە (actors) و (action) جیای بکاتەوە. زاراوەکەی لە زمانناسی فەرەنسی لوسیەن تێسنیەری وەرگرتووە. لە کوردیدا بۆ ئەکتانت وشەی کردەنوێنمان بە گونجاو زانی، چونکە گوزارشت لە کردە، بابەتی کردە و پرۆسەی گێڕانەوە دەکات. کردە ئەوەی دەیکات و دەکەوێتە ناو کردنەوە دەگرێتەوە، نوێن جۆرێکە لە نواندن، دەرکەوتن، لەپێشدانراو، کە جووڵەی خود و کردەش بۆ بابەتی لەپێشدانراو بەرجەستە دەکات. کەواتە، دانانی کردەنوێن لەسەر بنەمای تێگەیشتنمانە بۆ چەمکە گریماسییەکە، کە تێهەڵکێشێکە لە هەردوو ئاستی بابەت و خود لە گێڕانەوەدا، کە لەم مۆدێلەدا ناوەندن. جێگەی ئاماژەیە حەمە مەنتک «نموونەی کارا» (مەنتک، ٢٠١٩: ٥٢) و هەڵمەت بایز «نموونەی هۆکاریی» (ڕەسووڵ، ٢٠١٨: ٧٥) -یان بۆ ئەم زاراوەیە بەکارهێناوە. کارا زاراوەیەکی گونجاوە و هەڵگری

---

[6] The Actantial Model
[7] Actant

هەردوو لایەنی بکەر و کارە، کە لەگەڵ بیرکردنەوە گریماسییەکە دێتەوە، بەڵام بە دیدی ئێمە گێڕانەوەی کەمتر تیا ڕەچاوکراوە و زۆرتریش ئاماژە بۆ بکەر دەکات. هەرچی زاراوەی هۆکارییە، بابەتی و لۆجیکییە، لە جەستەی تیۆرییەکەی گریماسەوە نزیکە، بەڵام لە ڕۆحی تیۆرییەکەوە نا؛ ئەمەش دەکرێت پەیوەست بێت بە خودی زاراوەکە لە زمانەکەماندا کە پێمانوایە کەمتر لۆجیکییە و زۆرتریش لە چەمکەکەی پرۆپەوە نزیکە. زاراوەی کردەنوێن پێکهاتەیی و وێنەییە، ڕەچاوی بەهەندوەرگرتنی کار و بکەر لە گێڕانەوەدا کراوە، کە لە مۆدێلەکەی گریماسیشدا بکەر و بابەت بنچینەیین.

کردەنوێنەکان، پەیکەر و ژینگەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکان دەردەخات و وەک مامەڵەیەکی لۆجیکی خۆی دەنوێنێت، تا ئەوەی لە کاتدا درێژبووبێتەوە؛ ئەمەش بەرامبەرە بە ئەرکە تێماییەکان[8] (Nilson، ۲۰۰۸: ٦٨). هاوکات گریماس لە کتێبی: *Narrative Semiotics and Cognitive Discourses* باسی کردەنوێنی ڕێزمانی دەکات و پێیوایە، کەسەکە نییە کە قسە دەکات، بەڵکو قسەکردن و کەسەکە دەبن بە یەک، ئەوە قسەکەیە کەسەکە دەردەخات. لای گریماس کەسێتییەکان یەکەی بونیادی نین، بەڵکو لە پەیوەند بە کردەوە، بواری دەرکەوتنی واتاییان هەیە؛ ئەوەی دەیکەن و دەینوێنن، ئەو خواست و جووڵەیەی بۆ بابەت ئەنجامی دەدەن، گرنگە، چونکە ئەوە بابەتە خود دەجووڵێنێت و دەریدەخات؛ وەک چۆن لێرەدا قسە دەرخەری قسەکەرە، یان بۆ نموونە، هاوسەرگیری رۆمیۆ و جولێت، ئەوە هاوسەرگیرییەکەیە رۆمیۆ و جولێت دەکات بە کردەنوێن (Greimas، ۱۹۹۰: ۱۵۱)؛ یاخود لە ڕۆمانی *بەندەر فەیلی*دا ئەوە فەیلیبوون، کوردبوون، شیعەبوون و هتد، کە ئەویتری بەعسی، عەرەب و سونی دەردەخات، دەیجووڵێنێ و کردەی پێدەنوێنێت.

کردەنوێن، بریتییە لە «ئاوێتەبوونی من لە گوتاردا، یان نا ئاوێتەبوونی ئەو بۆ ئەوەی ڕاناوەکانی تر جێگەی بگرنەوە »(فتاح، ۱۹۹۲: ۱۵۱)؛ واتە، لە نائاوێتەیی ئەویتردا، من و تۆ، ئێمە دێنەپێشێ؛ بۆ نموونە، لە بێدەنگی نازییەکاندا دەنگی جوولەکە دەردەکەوێت. هاوکات گریماس پێیوایە کردەنوێن، کردەکەر و کردەلەسەرکراوە؛ بەناو کردەچووەکەشدا دەگرێتەوە. لە فەرهەنگە هاوبەشەکەی لەگەڵ کۆرتێسدا دەنووسێ «کردەنوێن...دەشێت وا بیری لێبکەینەوە کە کردەیەک ئەنجام دەدات یان بە کردەیەکدا تێدەپەڕێت. ئەم زاراوەیە وەها مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، شتەکان کە هەر شێوەیەکی هەبێت، دەخاتە ناو پرۆسەیەکی بەشداریکردنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر پاسیڤانە، لەم گۆشەنیگایەوە کردەنوێن جۆرە یەکەیەکە کە تایبەتە بە خاسیەتێکی فەرمی ئەو کارەکتەرەی وەبەرهێنانە ئایدۆلۆجییەکەی لەسەر دەکرێت» (Courtés and Greimas، ۱۹۸۲: ۳۳)، لەبەرئەوە کردەنوێن دەکرێ چالاک بێت یان ناچالاک، خۆی کارەکە دەکات یان لەسەری دەکرێت؛ هەر لەبەرئەوە گریماس دەیبەستێتەوە بە ڕێزمانەوە. ڕەشید بن مالک دەنووسێ، « لەوانەیە کردەنوێن بماننێرێت بۆ لای بۆچوونی تایبەت بەو پێکهاتانەی کە وتراوی سەرەتایی لەت دەکەن بۆ کۆمەڵێک ئەرک وەک بکەر، بابەت، بەرکار، بێ گوێدانە بەدیهاتنیان لە ناو یەکەکانی داڕشتندا، وەک داڕشتەی ناوی و کرداری، بەرکاریش وەک ناوەند بۆ وتراو دادەنرێت» (بنمالک، ۲۰۰۰: ۱۵-١٦).

## ۲-٤- جیاوازیی کردەنوێن و کەسێتی

کردەنوێن لە کەس، کارەکتەر و پاڵەواندا سنووردار ناکرێت، چونکە دەشێ شتێک، کەسێ، هزرێ، شوێن و کاتێک بێت؛ دەکرێ ئەو شت و کەسە واقیعی یان خەیاڵی بێت. محەمەد بوعزە لەبارەی کردەنوێن و جیاوازیی لە کەسێتییەوە دەڵێ، «چەمکێکی گشتیتر و پەتیترە لە کەسێتی، لەوانەیە کەسێتییەک، ئاژەڵێک، یان بێگیان و بیرۆکەیەک بێت» (بوعزە، ۲۰۱۰: ٦٥). سنووردارنەکردنی چەمکەکە بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە خۆی لەناو سنوورێکدایە و پێویستی بەوەیە دووبارە سنووردار نەکرێتەوە. گریماسیش زانایانە ئەمەی ئەنجامداوە، چونکە ئەم مۆدێلە تەنیا بۆ خوێندنەوەی دەقە گێڕانەوەبەندەکان نییە، بەڵکو لە توێژینەوەی بوار و کایە جیاوازەکاندا دەرفەتی خوێندنەوە و تێگەیشتن دەڕەخسێنێت. گریماس بۆ جیاکردنەوە و فراوانکردن و باڵکێشانی کردەنوێن بەسەر کەسێتی و کارەکتەردا دەنووسێ: «چەمکی کردەنوێن سوودێکی هەیە، ئەویش جێگرتنەوەی چەمکی کەسێتییە بە تایبەتی لە نیشانەناسیی ئەدەبیدا؛ چونکە بە تەنها بەسەر مرۆڤەکاندا پیادەنابێت، بەڵکو ئاژەڵ و شتەکان و چەمکەکانیش دەگرێتەوە. زیاد لەوەش، چەمکی کەسێتی خۆی ناڕوونە، چونکە لە بەشێکیدا دەچێتەوە سەر چەمکی ئەکتەر و لە بەشێکی تردا دەچێتەوە سەر چەمکی کردە (فعل)، بەڵام کردەنوێن هەم گێڕانەوەیە، هەم بریتییە لە: بکەر/ بابەت، نێرەر/ وەرگر.

---

[8] Functional

لە گۆشەنیگایەکی ڕێزمانییەوە کردەنوێنی سینتاکسی (وەک ئەوەی لە بەرنامەی گێڕانەوەدا باسکراوە) وەک بکەر لە حاڵەتدا، هەروەها بکەر لە کاتی ئەنجامداندا، هەموو ئەمانە ئەرکی سینتاکسیانەی کردەنوێنن، کە ڕۆڵێکی کردەیی لە گێڕانەوە بڕیارلێدراوەکەدا دەبینێت» (Courtés and Greimas، ١٩٨٢: ٣٣). کردەنوێن لە چەندین لایەنەوە لە کەسێتی دادەبڕێت و تێپەڕی دەکات، لەبەرئەوەی دەچێتە ناو پرۆسەکانی گێڕانەوە و گوتاری دەق. لەگەڵ ئەوەشدا، لای زۆر توێژەر پەیوەندیی کردەنوێن و کەسێتی هێشتا ناڕوون و تێکەڵە؛ بۆ نموونە، حەمە مەنتک دەڵێ،

> گریماس چەمکی کارەکتەر و کەسایەتییەکەی لە چەمکە کۆنەکە دەرهێنا، بۆ ئەمەیش سوودی لە زمانەوانی نوێ وەرگرت... سیمۆلۆژیای گێڕانەوە پێداگری لەسەر ئەرکە ڕێزمانییەکەی کارەکتەر دەکاتەوە. هەروەکو لە ڕێزمانیشدا هاتووە، (کەس) بەپێی بارە دەروونی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە دیاری ناکرێ، بەڵکو بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە ڕستەدا هەیەتی دیاری دەکرێ. بکەر لە ڕێزماندا ئەو کەسەیە کارێک دەکات یان کردوویەتی (مەنتک، ٢٠١٩: ٢٢)

لێرەدا حەمە مەنتک لە کردەنوێن تێگەیشتووە، بەڵام نەیتوانییوە ئەو دابڕانەی چەمکەکە بە وردی بخاتەڕوو.

## ٢-٥- دوانەکانی کردەنوێن

کاتێک دەقێک بە مۆدێلی کردەنوێنی گریماس شیدەکەینەوە، پەیوەندیی نێوان ئەم کردەنوێنانە ڕووندەکرێتەوە. گریماس زیاتر گرنگی بە کردار، نەک بکەر دەدات؛ بکەر بریتییە لە مرۆڤێکی دەستکرد کە لە لایەن کردارەوە دروست بووە. گریماس هەردوو وشەی actant و acteur بەکاردەهێنێت و دەڵێت، هەردوکیان کردەیەکیان پێسپێردراوە... هەردوکیشیان تەنیا مرۆڤ نین، بەڵکو دەکرێت بابەتێک/ شتێک، یان چەمکێکی مەعنەوی بن، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کردەنوێن لەناو هەموو گێڕانەوەکاندا بوونی بنچینەیی و گشتگیرە؛ لە کاتێکدا ئەکتەر لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا هەندێک خەسڵەتی تایبەت وەردەگرێت. ئەکتەرەکان زۆرن، بەڵام کردەنوێنەکان شەشن و دەشکرێت کەمتریش بکرێنەوە. گریماس لایەنی دەروونی نابەخشێ بە کردەنوێنەکان؛ ئەمەش وا لە کردەنوێن دەکات تەنیا نەبێ بە مرۆڤێک، بەڵکو وەک لە مرۆڤچوویەک بێت، یان بێگیان و شتێکی مەعنەوی و چەمکێک بێت. لەگەڵ ئەمەشدا، کردەنوێن دەکرێ تاک یان کۆمەڵێ بێت، وەک کۆمەڵگایەک. کردەنوێنەکان واتایان زۆرە، بەڵام ڕۆڵ و ئەرکیان دیاریکراوە. لە فەرهەنگی *زاراوە ئەدەبییەکانی ئۆکسفۆرد*دا هاتووە، کە «کردەنوێن تەنیا مرۆڤ نییە، بەڵکو نامرۆڤەکانیشە» (Baldick، ٢٠١١: ٦). مۆدێلی کردەنوێن لە بنەڕەتدا لە سێ دوانە پێکهاتووە، کە مەرج نییە هەر شەشیان لە دەقدا هەبن، دەکرێ چوار یان دوانیان هەبن، بەڵام ناکرێت بەبێ دوانەی خود و بابەت کە بنەڕەتین، گێڕانەوە ڕووبدات:

١. نێرەر[٩]: بریتییە لەو کردەنوێنەی کە ئارەزوو و خواستێکی هەیە و چالاککەری چیرۆکە. نێرەر بابەت دیاری دەکات و داوا لە خود/ بکەر دەکات بچێتە ناو ئەم کێشمەکێشەوە. نێرەر دەشێ دەوڵەت، ئایدۆلۆجیا، ئایین و بەهایەک بێت.

٢. وەرگر[١٠]: ئەو کردەنوێنەیە بابەتێک وەردەگرێت، کە دەرەنجامی ململانێی خود/ بکەرەکەیە.

٣. بابەت[١١]: بریتییە لەو بابەت، بەها و بوارە خوازراوە کە لە لایەن نێرەرەکەوە دەویسترێ، وەک: ئازادی، دەوڵەمەندی، عەدالەت، خۆشەویستی، هتد.


٤. خود/ بکەر[١٢]: بریتییە لەو پاڵەوان یان کردەنوێنەی کە ڕازی دەبێت بە داواکاریی نێرەر بۆ بەدەستهێنانی بابەتەکە.

٥. ڕێگر/ بەرهەڵستکار[١٣]: بریتییە لە کردەنوێنی ڕێگری، کە هەوڵ و تێکۆشانی خودەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە هەڵدەوەشێنێتەوە؛ دەشێ کەس، یان ئایدیایەک، بوار و بەهایەک، هێزێکی میتافیزیکی وەک شەیتان بێت.

٦. یاریدەدەر/ پاڵپشت[١٤]: ئەو کردەنوێنەیە یارمەتی خود دەدات لە گەیشتن بە ئامانجەکەی؛ دەکرێت کەسێک یان ئایدۆلۆجیا، یان خوا و بیروباوەڕێک بێت (بوعطیة، ٢٠١٣: ٥٤ هەروەها، ثواب، ١٣٩٦: ١٨).

---

[9] Sender
[10] Receiver
[11] Object
[12] Subject
[13] Opponent
[14] Helper




دیارە ڕیزبەندی ئەم شەشە لە نێرەرەوە نەک خود/ بکەرەوە، لەوێوە هاتووە کە زۆرکات نێرەر و وەرگر جووڵێنەر و سوودبەری ئاکامەکەن یاخود هەر بکەر و بابەتن، یاخود هەر پێنج کردەنوێنەکە جگە لە بابەت ڕوو لە خود دەکەن، بەڵام خود بە تەنیا ڕووی لە بابەتە، بابەت دەبێت بە ناوەند.

## ٢-٦- پەیوەندی و گۆڕانەکانی ناو نەخشەی گێڕانەوە

نەخشەی کردەنوێنەکان بەپێی چەند پەیوەندی و ڕایەڵێک بەیەکەوە بەستراون؛ بۆ نموونە، ئەو ڕایەڵەی لە لایەن نێرەرەوە بۆ بابەتەکە دەکێشرێ، ئارەزووی نێرەر بۆ بابەتەکە دەردەخات؛ ئەو ڕایەڵەیەش لە لایەن بابەتەوە بۆ وەرگر کێشراوە، دەرخەری ئەو شتەیە خود بە دوایدا دەگەڕێت و بە وەرگر دەدرێت. ئەو ڕایەڵەیەی لەلایەن یارمەتیدەر بۆ خود کێشراوە، واتای ئەوەیە کە یارمەتیدەر یارمەتیی خود دەدات لە ململانێکەیدا بۆ ئەوەی بابەتەکە بەدەست بهێنێت. ئەو ڕایەڵەیەش لە لایەن ڕێگرەوە بۆ خود کێشراوە، ئەو واتایە دەدات بە دەستەوە، کە ڕێگر بەرهەڵستی لە توانا و هەوڵەکانی خود دەکات بۆ ئەوەی بابەتەکە بەدەست نەهێنێت. ئەو ڕایەڵەیەش لەلایەن خودەوە بۆ بابەت کێشراوە، دەریدەخات کە خود بە دوای بابەتدا دەگەڕێت، ئەو بابەتەی کە نێرەر ئارەزووی دەکات (علوش، ١٩٨٥: ٥٦). کەواتە ئەم شەش کردەنوێنە لە سێ گروپ و دەستەی هاوپەیوەند کۆدەبنەوە؛ هەر دوانێکیان سەر بە یەکێک لەم سیانەیە:

١. ئارەزوو (خود و بابەت)، ئەمە پەیوەندیی بنەڕەتی مۆدێلی کردەنوێنە، چونکە پەیوەستە بە ئارەزووی خود بۆ بەدەستهێنانی بابەت.

٢. زانیاری و گەیاندن (نێرەر و وەرگر)، نێرەر هۆی ئاڕاستەکەر و زانیاریدەری خودە بۆ گەیاندنی بە بابەتەکە، کە گەیشتن بە بابەت بە سوودی وەرگرە. هاوکات نێرەر و وەرگر دەشێ هەر بکەر خۆی بن، یاخود نێرەر دەق و ژانرەکەی یان ئایین و ئایدۆلۆجیایەک بێت.

٣. ململانێ (یاریدەدەر و ڕێگر)، ئەم دوانەیە سەرەکی نین، بەڵام ڕۆڵی ڕێگر و یاریدەدەر لە گەیشتن یان نەگەیشتنی خود بە بابەتەکەی دەبینن (اسکولز، ١٣٧٩: ١٥٤-١٥٦).

گریماس هەوڵیدا ڕێزمانی گێڕانەوە بدۆزێتەوە، لەبەرئەوە بایەخ بە پلۆت و تانوپۆی گێڕانەوەش دەدات. خۆی دەڵێ، «واتا درکی پێناکرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە پێکەوەبەستراوە یان جومگەی گرتووە»(غریماس، ٢٠١٨: ١١٤)، ئەمەش ئاستی ڕووکەش و ڕێکخستنە، لەبەرئەوە بەرنامەی گێڕانەوە لە زنجیرەیەکی بەدوای‌یەک‌هاتووی پێکهاتووە و چنینی کردەکان کە کردەنوێنەکان ئەنجامی دەدەن لە ژێر ڕۆشنایی یەکێک لە زنجیرەکانی گێڕانەوەدایە کە ئێمە بە مەبەست لێرەدا باسی دەکەین. چونکە پێمان باشتربوو سەرەتا ئاشنای کردەنوێنەکان بین، دواتر زنجیرەی کردەکانیان؛ لەبەرئەوەی کردەنوێنەکان تەنیا کەس و پاڵەوان نین؛ هاوکات لە ڕووی تێگەیشتنیشەوە بۆ خوێنەر ئەمەمان بە گونجاو زانی و پێشمانوایە لادانێکی بنەڕەتی نییە لە

میتۆدەکە. ئەم زنجیرەیە باری وەرچەرخان و گۆڕان، هاتن و چوون، بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەی گێڕانەوەن و پەیوەستی کردەی کردەنوێنەکانن لە دەقدا. بابەک ئەحمەدی وەک سیانەی بەدوای‌یەک‌هاتوو ناویان دەبات: جێبەجێکاری، بەڵێن و پەیمان، جیابوونەوە و گۆڕان (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٢٠٨).

سەبارەت بە نەخشەڕێی گێڕانەوە کە لەناو بەرنامەی گێڕانەوەدا جێبەجێ دەکرێت و وەڵامی پرسیارەکانمان: چۆن، چی، لەکوێوە و بۆچی دەداتەوە؛ واتە چی و چۆن ڕوویدا، بۆ و لە کوێ ڕوویدا، قۆناخەکان، دابڕان، گۆڕان و دۆخە جیاوازەکان کە دێنە ناوەوە و هەن، هەموو ئەمانە و چەندین لایەنی کردەنوێنەکان دەردەخات، لە ڕووی توانا، باوەڕ، پاڵنەر و هێزی جووڵێنەر. ئەمانەش چوار بنەمان: ١. پاڵنەر (بزوێنەر)، ٢. توانست، ٣. بەجێهێنان. ٤. ئاکام (پاداشت یان سزا). دیارە کۆی ئەم چوار بنەمایە پێکەوە بەستراون، کە بابەتێک یان نێرەر دەبێتە بزوێنەری خود، خودیش دەبێت توانست و توانای چوون بەرەو بابەتەکەی هەبێت، بەجێهێنانیش پنتی گواستنەوەی مەبەستی خودە بۆ بابەتەکەی، ئاکامیش گەیشتن یان نەگەیشتنی خودە بە بابەت، کە سزا یان پاداشت وەردەگرێت (مەنتک، ٢٠١٩: ٥١؛ ڕەسووڵ، ٢٠١٨: ٨٠).

## ٣- پەیوەندی و ململانێی دوانەکان لە *بەندەر فەیلی*دا

### ٣-١- ڕۆمانی *بەندەر فەیلی*

ڕۆمانەکە ٤٥٣ لاپەڕەیە، لە نامەیەکی پێشەکی و ٣٩ بەشی ژمارەیی و کۆتاییەک پێکهاتووە. لە ڕێگەی وێنەکانی بەندەر فەیلییەوە، ئاشنای جیهانبینی بەعس و ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری ئەو ڕژێمە و ڕووخانیشی دەبین، کە ماوەکەی ٢٣ ساڵە لە ١٩٨٠ بۆ ٢٠٠٣. نامەی پێشەکیی ڕۆژنامەنووسێک بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی نووسیوە، کە ئەم ڕۆژنامەنووسە چیرۆکی بەندەری نووسیوەتەوە و بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی دەنێرێت، ڕۆمانەکە هاوپێچی نامەکەیە. واتە، نێرەر ڕۆژنامەنووس و وەرگر ڕۆژنامەیە؛ ڕۆژنامەش دەبێتەوە نێرەر و خوێنەر دەبێتەوە بە وەرگر. ڕۆژنامەنووسەکە لە کۆتایی نامەکەیدا کۆتایی ڕۆمانەکەمان بە ناڕاستەوخۆیی پێدەڵێ، کە دەردی بەندێتی و هەستکردن بەوەی ئازاد نییە لە وڵاتدا بڵاوە و نووسینی ئەم کتێبەش، وەک چارەسەرێکی دەروونی بووە بۆی؛ واتە، ڕۆژنامەنووسەکە لە نێرەرەوە دەبێتەوە وەرگر. دیارە چارەسەری دەروونی ڕۆژنامەنووسەکەش جۆرێکە لە خۆلادان لە وێنە بنەڕەتییەکەی ئازادیی، وا دەزانێت کە ئازادە.

گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بە شێوەی زنجیرەییە، بەڵام شێوەیەکی سادەی بازنەیی تێدا بەکارهاتووە، کە لە بەشی ٣٧ بۆ ٣٩دا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا و شێوەچنراوی گێڕانەوەکە و پرسیارەکانی خوێنەر لە کۆی نهێنییە چنراوەکانی ناو ڕۆمانەکە. زمانەکەشی سادە و شێوەی گوتاری هەیە، ئەمەش بەهۆی تاکدەنگی ناوەکییە، کە ڕۆماننووس پشتی بە گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەستووە. ڕووداو، کەسێتی، پەیوەندی و دۆخە جیاوازەکانی وەک وێنەگەلێکی گشتی و ورد بەسەرکردۆتەوە و وەسفیانی کردووە و ڕۆچووەتە ناویانەوە. هەر ئەمەش بە دیدی ئێمە فرەدەنگیی نێشتەجێی ناو تاکدەنگی ڕۆمانەکەی پاراستووە؛ واتە، فرەدەنگیی ڕۆمانەکە پەیوەستی تاکدەنگییە، چونکە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ، ڕووداوەکان و کردەی کەسێتییەکان هەمووی پەیوەستی تاکدەنگیی گێڕەرەوەی هەمووشتزانن. لە خوارەوە نەخشەیەکی ڕۆمانەکە دەکێشین و زیاتر ڕۆشنی دەکەینەوە.

ڕۆمانەکە بەسەرهاتی بەندەر فەیلییە لە ١٩٨٠ تا ٢٠٠٣، کە لەگەڵ لە سێدارەدانی دایکی، ئەم لە زیندان لەدایکدەبێت. لەو ٣٩ بەشە، ٣٧یان بەسەرهاتی بەندەرن لە ناوەوەی زیندان و ئەو چەندجارە کەمەش کە دێتە دەرەوەی زیندان، دوو بەشی ٣٧ و ٣٨ گەڕانەوەیە بۆ زانیارییەکانی پشت پەردە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارگەلەی خوێنەر لە ماوەی ٣٦ بەشەکەدا بۆی دروست بووە؛ ئەمەش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی بەندەر لەگەڵ سەید شەهاب و نازم تائی، کە بەڕێوەبەری ئەو زیندانە بوون بەندەری تیا ژیاوە. لەم دوو چاوپێکەوتنەدا وەڵامی پرسیارەکانی، بەندەر کێیە، چۆن لەدایکبووە، باوک و دایکی کێن، کێ سزای دەدات، کێ بڕیاری بۆ دەدات کە سەیری لەسێدارەدانەکان بکات، فێر بێت یان نا، ئەوە کێیە وێنەگر دەنێرێت، ناهێڵن بچێتە دەرەوە، دەیانەوێت لە ژووری تاکەکەسی بێت، هەروەها ئەو ململانێیانەی لە نێوان دەسەڵاتدارانی پلەدوو بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی پلەیەک، هتد وەردەگرین. بەشی ٣٩ش ڕێوڕەسمی چوونی بەندەرە بۆ جێبەجێکردنی لە سێدارەدانی زیندانییەکان. ئەمەش لەسەر خواستی خۆی نییە؛ لەبەرئەوە لەهۆش خۆی دەچێت و کۆتاییش باسی لەنەخۆشخانەبوونی و هاتنی نەوفەلی

هاوڕێی بە گوڵێکەوەیە تا هەواڵی گەڕانەوە بۆ ئەمریکا و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەکەی د.خالق فەیلی پێ بڵێ، چونکە ئەمریکییەکان و کۆمپانیای ریکلامکەر و سوودبەری بەندەر چیتر پارەی نەخۆشخانەکەی بۆ نادەن. سەردانیکردنی شادی بۆ لای و لە هەمووشی گرنگتر تەشەنەسەندنی دەردی بێ دەرمانی هەستنەکردن بە ئازادی و بەرگریکردن [بەمەبەستەوە] لەو دەردە/ هەستە کۆتایی ڕۆمانەکەیە. دیارە گێڕانەوەی ژیانی بەندەر هاوشانی گۆڕان و ململانێ سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچەکەشە؛ لەبەرئەوە خوێنەر لە ڕێگەی بەندەرەوە ئاشنای مێژووە فرەلایەن و فرەڕەهەندەکەی سی ساڵی ڕابردووی عێراق، ڕژێمی بەعس و شەڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەبێت؛ لەبەرئەوە بەندەر فەیلی خودێکی بابەتی هەیە، خودێتییەکەی لە ژیانە ناوازەکەی و بابەتێتیەکەشی مێژووکردە.

### ۳-۲- نێرەر و وەرگر

لە مۆدێلی کردەنوێندا نێرەر ڕۆڵی جووڵە، وروژاندن، هاندان و زانیاریپێدان بە بکەر لەبارەی بابەتەکەی دەبینێت. هەر جووڵەیەکی بکەر بۆ دەستگرتن بەسەر بابەتەکەدا بە سوودی وەرگر دەشکێتەوە؛ کەواتە نێرەر بە نێوەندی بکەر کار بۆ وەرگر دەکات، چونکە لە گەیشتن بە بابەتەکە دەیخاتە باوەشی وەرگرەوە؛ لەبەرئەوە زۆرجار خودی وەرگر هەر بکەرەکەیە. لە ڕۆمانی *بەندەر فەیلی*دا، نێرەر بریتییە لە: فەیلیبوون، کوردبوون، شیعەبوون و ئێرانیبوون؛ لە سەرروو ئەوەشەوە تۆڵەکردنەوە لە دایکی بەندەر لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە. وەرگرانیش، حیزبی بەعس و سیستەمەکەیە. هاوکات دەشتوانین لە نێوان سیستەمەکە و جێبەجێکارانی، نێرەر و وەرگر بەم جۆرە دیاریی بکەین، کە نێرەر، خۆی لە بەڕێوەبەران و ڕاسپێردراوانی بکەر دەبینێتەوە؛ بکەریش هەر وەرگرە کە لە پشتەوەیە و لە ڕێگەی نامە، زانیاری و وێنەکان چاوی لەسەر بابەتەکەیە. هاوکات گەر وەک بونیادی ڕووکەشیش چاو لە دەوری نێرەر و وەرگر بکەین، دەتوانین نێرەر بە گێڕەرەوە/ ڕۆماننووس/ ڕۆژنامەنووسەکە دابنێین، کە وەرگر ڕۆژنامەکەیە و دەیەوێت دەست بەسەر چیرۆکی بەندەردا بگرێت؛ دواجار خودی ڕۆژنامەکەش دەبێتەوە بە نێرەر و بابەت بۆ وەرگر و خوێنەران.

ا. نێرەر = کوردبوون، فەیلیبوون، شیعەبوون ⟵ وەرگر= حیزبی بەعس، سونی

ب ـ نێرەر = فەرمانبەرانی بەعس ⟵ وەرگر = سەرۆک و سەرانی بەعس

پ ـ نێرەر۱ =(ڕۆژنامەنووس) ⟵ وەرگر۱ (ڕۆژنامە)، نێرەر۲ (ڕۆژنامە) ⟵ وەرگر۲ (خوێنەر)

### ۳-۳- خود و بابەت

لە مۆدێلی کردەنوێنی گریماسدا، پاڵەوانی لیریکی بەندەر فەیلی، وەک کوردبوون، فەیلیبوون، شیعیبوون، ئێرانیبوون بابەتە؛ بەعسیش بە ڕەهەندە ئیتنی، سونی مەزهەبی و دیکتاتۆرییەکەیەوە دەبێت بە بکەر/ خود؛ واتە بەعس و سیستەمەکەی خواستی دەستبەسەرداگرتنی بابەتەکەیان هەیە، بۆیە بەندەر تاکە فەیلی شارەکەیە کە بە شاراوەیی هەڵدەگیرێت و بکەر دەیەوێت شوناسی بسڕێتەوە و بیکاتە بەشێک لە خۆی. لەبەرئەوە بەڕێوەبەری زیندان تا لە سێدارەدانیشی ئارەزووی ئەوە بوو بابەتەکەی [بەندەر] لە سێدارەی بدات، تا وا هەستبکات بەشێکە لە خۆیان (عەلی: ۲۰۲۲: ٤٠٤). جێبەجێنەبوون یان نەکردنی [دیارە نەخۆشکەوتنی بە دیدی ئێمە هێشتنەوەی بابەتە بە تەندروستی] واتای شکستی سیستەمەکە و ململانێی بابەت و سەرکەوتنی و بوون بە خودە، چونکە نەخۆشییەکە بڵاودەکاتەوە؛ واتە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە کارایی و بەخودبوونی بابەتەکە دەردەخات، کە ئەمەش دژیەکییەکی پڕواتا و جوانە، کە نەخۆشێک بە بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەکەی کارا دەبێت و ڕۆمانەکەش بەمە تەواو دەبێت.

دیارە بە بابەتبوونی بەندەر بەدەرە لە ململانێ و ئاگایی لە سەرچاوەکانی ئارەزووی بکەرەکەی. بەندەر هۆشیاریی بە کوردبوون، فەیلیبوون و هتد نییە؛ لەبەرئەوە تاکلایەنیی خواستی خود بۆ بابەت بە ڕۆشنی دیارە. هاوکات سەرچاوەی مێژوویی و تێگەیشتنی پێشینە ڕۆڵی کارای لە خواستی خود بۆ بابەتەکەی هەیە؛ بۆ نموونە، شەیتانبوونی کورد (بابەت) لە چاوی بکەرەوە. لەسەر ئاستی کەسیش، بەندەر وەک کوڕ بابەتی باوک و ژنی باوکیەتی (عەبیرخان)، کە دەکرێت خوێندنەوەی دەروونیی بۆ بکرێت، چونکە باوکی نەیتوانی دەست بەسەر دایکی (ئیسرا) بگرێت، دەیەوێت قەرەبووی بە پاشماوەکەی، کە کوڕەکەیەتی، بکاتەوە و بەوە تێر ببێت؛ لەبەرئەوە لە زیندان دەیهێڵێتەوە و لە دونیا دایدەبڕێت و بەردەوامیش لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ چاوی لەسەریەتی. بۆ ژنەکەی، وێنەکان ڕایەڵی پەیوەندی و چاودێرین، بۆ خۆشی وەک تارمایی و سێبەر، کە لە پشتی کورسییەکەوە سەیری دەکات (هەمان: ٤٢٥-٤٣١).

هاوکات بەندەر وەک زیندانی دەبێتە بابەتی چەندین لایەن و کەسایەتی: بەڕێوەبەران، بنەماڵەی سەرۆک، پیاوانی ئایینی و تەنانەت عەشقی تاکلایەنی «نەدا»ش. هاوکات لە پاش ڕووخانی سەدام و هاتنی ئەمریکییەکان، بەندەر دەبێتەوە بە بابەت بۆ ئەمریکییەکان و کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی بۆ ڕیکلام؛ تا سۆز و دەنگی دونیا بۆ خۆیان ڕابکێشن کە ئەوان ڕزگارکەرن. هەر لەبەرئەوە بەندەر دەبێتە بابەتی بەزەیی و ڕیکلام؛ لەبەرئەوە دەڵێ «ئەوەتەی بەربووم، هێندەی خۆم دەبینم بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە، هەستەکەم شایستەی بەزەییم» (هەمان: ٤٢٠-٤٢١). ئەمە جگە لەوەی چەندین لایەنی تری وەک کورد، فەیلی، خەتخۆشان و هتد، هەوڵدەدەن بەندەر بەکاربێنن؛ لەبەرئەوە لیستی بە بابەتبوونی بەندەر گەلێک درێژە. هاوکات خود و بکەرەکانیش لەناو گێڕانەوەکەدا دەوری جیاوازیان هەیە، کە تیایاندایە خۆشیان دەبنەوە بە بابەت؛ بۆ نموونە، بەعس بۆ ئەمریکا بابەتە، بەڕێوەبەرەکان بۆ سەرۆک و بنەماڵەکەی بابەتن. هاوکات هەموو هێزە کەسییەکانیش دەبنەوە بابەتی خودێکی مێژووکرد، کە سەیرکردنی کوردە وەک شەیتان و نەفرەتی، یاخود دەتوانین بشڵێین دەبنە وەرگر. لەبەرئەوە دەتوانین لەم خشتەیەدا وەک کەس و نوێنەرایەتی، ئاماژە بە بابەتێتیی بەندەر بۆ بکەر یان خودەکان بکەین.

| بابەت: بەندەر فەیلی | خود و بکەر |
|---|---|
| وەک فەیلی | مێژووی ڕسکانی تێگەیشتنی عەرەب و بەعسییەکان لە فەیلی و کورد [کورد وەک شەیتان] |
| وەک کورد | بەعس و ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازییەکان، ویستی لەناوبردنی کورد |
| وەک شیعە | سونە و ململانێی مێژووی ئەم دوو مەزهەبە، ئارەزووی لەناوبردنی یەکدی |
| ژیانی وەک زانیاری | ڕۆژنامەنووس – نووسەر و گێڕەرەوە (م.خ.ب)، بابەتی گێڕانەوە |
| کوڕی ڕەمزی، داواکراو | سەید هاشم، وەک باوکی سیمبولی (سۆز)، فێرکار، جێبەجێکار و مەکینەی بەعس |
| وەک مەلۆتکە و مناڵ | خزمەتکارانی زیندانی ناو سیستمەکە، سەلوم و ئوم حاریس |
| منالٚ و کوڕی | باوک (یاسر)، خواستی دەستبەسەرداگرتن، هێشتنەوەی لە زیندان |
| تاوانبار و بێ تاوان + منالٚ | یاسا، بەڕێوەبەر و کارمەندانی زیندان، پۆلیس و ئاسایش و مخابەرات، مەکینەی دەوڵەت |
| سوالکەر و تاوانبار و نەفرەتلێکراو | مەلای مزگەوت، دەسەلاتی ئایینی، متمانەی دەسەلات، سۆزی خەلک، بۆ بەکارهێنانی بەندەر بۆ سوالکردن و نەفرەتلێکراوی خوا و دەوڵەت، هەوالٚلێدانی |
| فێرخواز | زیندانییەکان بەهۆی فێرکردنەوە بەکاریدەهێنن بۆ درێژکردنەوەی مانەوەیان |
| تەڵقینکردنی وەک بەعسی | ڕاوێژکاری یاسایی/ تەلعەت، مامۆستای وانە بەعسییەکان |
| ڕزگارکراو | ئەمریکییەکان بەندەر بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی وەک ڕزگارکەر خۆ بناسێنن |
| بابەتی ڕیکلام | کۆمپانیای ڕۆژهەلات، بازرگانی بە دەرکەوتنی بەندەر دەکات [نوێنەری سەرمایەداری] |
| قوربانی و بەهرەداری | نوێنەری نەتەوە و لایەنە جیاوازەکان، بە ئەستێرەبوونی بەندەر خۆیان دەکەن بە خاوەنی |
| عاشق و سێکس | مەعشوق (نەدا)، مامۆستای زمانی ئینگلیزی (یوسرا)، لە ڕێگەی بەندەرەوە مانەوەی جەستەی لە جیهاندا |
| نەخۆش، دەردەبەندەر | لێکۆڵەری وەزارەتی ناوخۆ، سیحرناس (لاجاندار) |
| نەزان و دابڕاو لە دونیا | زمان، زانینی کەلتووری و جیهانبینییە جیاوازەکانی وەک: ئایین، مەزهەب، نەتەوە... |
| بێناسنامە و شوناس | عێراقی، کورد، جێنەبوونەوە لە هیچ کوێ و گیرخواردن لە دەرەوەی زیندان |
| خۆبوون | لەوانچوون، ویستی داگیرکردنی جیاوازی و وەکیەکبوون |

بەهۆی قەبارەی ڕۆمانەکە و چڕی و ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوی و فرەڕەهەندیی کردەنوێنەکان، ئەوا دەتوانرێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و بەندەر وەک خود لە بەرامبەریشدا چەند بابەتمان هەبێت. ئەمەش بەهۆی جیهانبینی و شێوەی ژیانی بەندەرەوەیە کە دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان، چونکە وەک مناڵێک و مرۆڤێکی دابڕاو لە هەموو کۆزانیارییە کەلتووری، فەرهەنگی، زمانی، مێژوویی و ژیارییەکان دەبێتە جێی سەرنج و گۆڕانکاری لە چەندین لایەنی کەسی (وەک نەوفەل) و گشتیدا (وەک بڵاوکردنەوەی نەخۆشی)؛ ئەم نەخۆشییەش لە بونیادی قووڵ و لایەنی هێماییدا دەبێتە ناوکی چەمکی دژایەتی. هاوکات بکەر و خودەکانی ناو زنجیرەکە بەشێکی زۆریان دەبنەوە بە بابەت بۆ بکەری دەسەڵات، مێژوو، سەرۆک، بەعس، کە دەتوانین بە بابەتەکانی ناو سیستەم و دەرەوەی سیستەمەکە دایانبنێین، واتە، خود دەبێتە سیستمی بەعس، بەشێکی ئەوەی لە دەرەوەش هەر دێتەوە ناوەوە، هاوکات دژی سیستمیشمان هەیە، وەک مامۆستا فواد، کە دژی سیستەمەکە بەندەر پەروەردە دەکات، کە پێمانوایە بەندەر وەک دژ و کاردانەوەی سیستەمەکە لەو پەروەردەیەش یاخی دەبێت. دیارە دواتر باسی ڕێگر و یاریدەدەر دەکەین، کە لە ناو سیستەمیشدا ڕێگر و یاریدەدەر و بێلایەن هەن:

أ ـ ناو سیستم = سەید (بەڕێوەبەر)، پۆلیس وەک (ڕەفیق محسین، شادی)، خزمەتکاران، جەلادەکان، باوکی، لاجاندار، تەلعەت ئاسایش و مخابەرات

ب ـ دەرەوەی سیستم = نەجلاخان، مەلای مزگەوت و هەندێک لە مەحکوومکراوەکان

پ ـ دژی سیستم = مامۆستا فواد شەبیب

ئەمانە لەناو کردەنوێندا، پەیوەندیی ئارەزوو و خواست، زانین و ئیرادە دەنوێنن، چونکە سیستمی بەعس دەیەوێت توانای خۆی تاقی‌بکاتەوە کە دەتوانێت بەندەر بکاتە بەشێک لە خۆی، ئەگەر بە لەنێوچوونی خۆشی کۆتایی بێت (خواستی بەڕێوەبەر بۆ لەسێدارەدانی لە لایەن بەندەرەوە). ئەمە کرۆکی خواستەکەیە، کە هەموو ئیرادە و زانینی خۆی دەخاتەگەڕ، زانینەکەی پێشینەی مێژوویی (شەیتان) و هەنوکەیی هەیە؛ بەندەر وەک کورد و ئێزانی پەیوەست بە جەنگی بەعس لەگەڵ ئێزانییەکان و کوردەکان. ئەم ئارەزووە بە شێوەی جیاواز چیرۆکەکە هەڵدەسوڕێنێ، بۆیە بەندەر سەرەتا کە دێتە دەرەوە ئارەزووی بینینەوەی لە سێدارەدان دەکات؛ ئەمەش ئاماژەی نەرمبوون و دەستبەسەرداگرتنی بەندەرە. بەڕێوەبەر پێی دەڵێت، ئازادیت تاقی‌کردەوە، ئێستا ئەگەر دەرگای زیندانت بۆ بکەمەوە دەچیت؟ بەندەر بە «نا» (هەمان، ۲۱۸) وەڵامی دەداتەوە. کەواتە، بابەتەکە ئەگەر لە ناوەوە و دەرەوە، بە زۆر و خۆشەویستی، بە بەرژەوەندی و بێ بەرژەوەندی بێت، هەوڵی دەستبەسەرداگرتن یان ڕازیبوونی دەدرێت؛ بۆ نموونە، شادی یەکێکە لە ناوازەکان کە لەناو سیستم و لە دەرەوە، تەنانەت تا ئەندازەیەک دژە سیستمیشە، کە دژێتییەکە بە نیشانەی ناڕاستەوخۆ دەرخراوە، بۆیە ڕێگری یاریدەدەرە؛ لە قوڵاییدا ڕێگرە، لە ڕووکەشیشدا یاریدەدەرە، توانایی و زانیاری خۆی کۆدەکاتەوە بۆ یارمەتیدانی بابەت، کە دژی پێگەکەی خۆیەتی، بۆیە ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و ئاماژە واتاییەکانیش لە دوو ئاستدا دەردەکەون کە شادی لەناو سیستمی بکەردایە، بەڵام کردەکانی دژن بە بکەر، هەر بۆیە تاکەکەسە نەخۆشییەکە ناگرێت. هەربۆیە بەندەر (بابەت) لێی دەپرسێ سەرۆکی خۆشدەوێ (هەمان: ۲۵۸)، وەڵامی ناداتەوە. ئەم هەڵوێستە ڕێگری سیستم و بکەرە بۆ گەیشتن بە بابەتەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانین پەیوەندیی خود و بابەتەکەی بەپێی ڕەوتی گێڕانەوەکە وەک ئامانج بەم جۆرە دیاری بکەین:

- خود = بەعس ⟵ بابەت = بەندەر ⟶ ئامانج
- خود = ئەمریکییەکان ⟵ بابەت = بەندەر ⟶ ئامانج
- خود = بەندەر بە نەخۆشی ⟵ بابەت = خەڵک ⟶ ئامانج

### ۳-٤- ڕێگر و یاریدەدەر

بنەمای پەیوەندیی ئەم دوانەیە ململانێیە. ململانێکە دەکرێت دەرەکی و زەینی بێت یان ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوخۆ بێت، هاوکات بابەتی یان کەسی بێت؛ واتە، ڕێگر و یاریدەدەر هێزێکی واتایی وەک ئەخلاق، دین و سیاسەت و هتد بن؛ بۆ نموونە، لای سەید ململانێی نێوان خوا و دەوڵەت دەبینین. کردەنوێنی ڕێگر یان یاریدەدەر لە هاوکاری و ڕێگریی بکەردا ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە یان لەناو زەینی خۆیاندا دەکەونە ململانێ بۆ پشتگیری یان ڕێگریی، ئەمەش زۆرجار ململانێی دوو هێزە، وەک لەم

ڕۆمانەدا ئایدۆلۆجیای بەعسی سونی مەزهەب، بەرامبەر بە کوردی فەیلی شیعە مەزهەب. لەگەڵ ئەوەشدا، تاکلایەنی بەعس زەقە و سێبەری لایەنی دووەم کە هەر دەستکردی بەعسە زاڵە. دژی بەعس و ڕێگریش مامۆستا فواد نموونەیە، کە دەبێتە یاریدەی بابەت. کەواتە، بە جۆرێک ئەم دوانەیە خزمەتی بابەت و بکەر دەکەن، چونکە ڕێگر بەرهەڵستی خواستی بکەر بۆ گەیشتن بە بابەتەکەی دەکات. یاریدەدەر بەپێچەوانەوە هاوکاری دەبێت، لەبەرئەوە تەوەری ململانێی ناو گێڕانەوە بۆ ئەم دوانەیە دەگەڕێتەوە. ڕێگر جووڵێنەری ڕووداوەکانە، چونکە دژی خود کاردەکات بۆ گەیشتنی بە بابەت؛ ئەمەش دەبێتە یارمەتی بۆ بابەت، بەڵام مەرج نییە هەرچی ڕێگر بێت یاریدەی بابەت بێت؛ هەروەک چۆن مەرج نییە یاریدەدەرەکان ڕێگر و بەرهەڵستکاربن، چونکە دەشێ ڕێگر هەر خودی بکەر خۆی بێت، بە تایبەت لەو ڕۆمانانەی لایەنی دەروونی تیایدا زاڵە.

لە ڕۆماندا کە شێوەیەکی ئاڵۆز و پێچاوپێچی هەیە، ئەم دوانەیە ڕۆڵی جیاواز دەبینن؛ بە جۆرێک دەکرێ لە شوێنێکدا ڕێگر ببێتە یاریدەدەر و بەپێچەوانەشەوە، لەم ڕۆمانەدا بەهۆی ناوازەیی چیرۆکەکەوە، کە مناڵێک لە زیندان لەدایکدەبێت، کردەی کەسێتییەکان بەهۆی هەست و سۆز، بیرکردنەوەیان کێشەی بۆ دروست دەبێت، چونکە لە لایەک وەک سیستەمەکە دەیخوازێ و بەپێی کۆزانیاری کەلتووری، سیاسی، مێژوویی و پەروەردەیی دەبێت دژی بەندەر بن، لەبەرئەوەی کوردە و فەیلییە، شیعەیە، هاوکات خۆشیان سەر بە دەسەڵات و بکەرن، بۆیە هاوکاری بکەرن. بەڵام بەندەر مناڵێکی ژیر، سەرچاوەی ئارامی، بەزەییە و خۆشی بۆ هەڵناسوڕێت، بۆیە بەگشتی بێلایەنن و یاریدەدەری ئاڵۆزن (بۆیە سەید زووزوو داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکات)، چونکە سەر بە بکەرن و لە هەندێک باریشدا ڕێگر نین. سەرنجی دۆخی سەید بدەین لە نێوان بابەت و بکەر (بەعس)دا گیری خواردووە، «خودایە گیان ئەمانە بەپێی شەرعی تۆ خوێنیان حەڵاڵە، بەڵام ئەم منداڵە، ئەم هیچ، نەفامە بارێکی قورسە بەسەر شانی منەوە، دەترسم لەو دونیا لەسەر ئەم مناڵە نەمبەخشیت... ئەو شەوە کاتێک گەڕایەوە ناو جێگاکەی، خۆشحاڵ بوو لەبەر بەندەر سەرپێچییەک بکات... سەید باوەڕی بە خۆی هێنابوو کە فەیلییەکان توخم و تایەفەیەکی چەپەڵن، بەڵام نەیدەتوانی وا ڕەفتار لەگەڵ ئەم منداڵەدا بکات» (هەمان: ٦١-٦٢). دەبینین سەید لە دۆخێکی دەروونی و ویژدانیی ئاڵۆزدایە لە نێوان خوا و دەوڵەت، لە نێوان مناڵێکی بێ تاوان و ڕەگەزە چەپەڵ و تاوانبارەکەیدا؛ بۆیە ئێمەی توێژەریش ناچارین سانا لە نێوان ڕێگر و یاریدەبوونیدا بڕیار نەدەین. دڵنیاین کە یاریدەیە، بەڵام هەر خودی سەید لە کۆتاییدا کە لە زیندانی ئەمریکییەکانە، لە بەندەر دەپرسێ: «بەندەر پێم بڵێ لە دڵەوە دەخوازیت تۆڵەم لێبکەیتەوە؟... [بەندەر:] ئەمریکییەکان دادگاییتان دەکەن... [سەید:] لە ئەمریکییەکان گەڕێ، ئەمریکییەکان هەرچییەکم لێبکەن ئازارم نادات» (هەمان: ٤٢١). بەندەر خۆی لە وەڵامدانەوەی دەدزێتەوە، چونکە لەلایەک تۆڵە نازانێت، هاوکات پەیوەندیشی لەگەڵ سەید ئاڵۆز و پرسۆزبووە، لەبەرئەوە دەبێت دانی پێدابنێم کە ئەم پۆلێنە لەم ڕۆمانەدا چەشنە میکانیکییەکی تێدایە و بەم شیکارییانە هەوڵدەدەین دینامیکیەتەکەی نەکوژین. پێویستە لەسەرمان دیوە ناوەکییەکان هەڵکۆڵین، کە زۆر دینامیکییە. ئەم وەستانەشمان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەیە.

هاوکات گوتاری ڕۆمانەکەش جارێکی تر دەستگیرۆییمان ناکات بەو شێوە ئاسانە مامەڵە لەگەڵ ڕێگر و یاریدەدەر بکەین، چونکە ئەمریکییەکان وەک ڕزگارکەر دژی بەعسن، دەبوو هاوکاری بەندەر بن، بەڵام ئەمانیش بەجۆرێک دەبنەوە بە ڕێگر. ئەمەش لە بونیادی قوڵی ڕۆمانەکەدا باشتر دەردەکەوێت؛ پەیوەست بە چەمکی ئازادی و زیندان. هەر ئەم فرەیی ڕۆڵ و دەورە جیاوازانە، سەرچاوەی بەرنامەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە و قۆناغی جیاوازن کە گۆڕانی گێڕانەوەکە دەیخوازێت. کاتێ ئەمریکییەکان دێن، ڕێگر و یاریدەدەر دەگۆڕێ؛ نەوفەل هاوڕێی بەندەر، لە قۆناغی بکەری یەکەم (بەعس) ڕێگری سەرسەختە، بەڵام لە قۆناغی دووەم (بکەری دووەم = ئەمریکییەکان) ڕێگرییەکە لاواز دەبێت و تا ئەندازەیەک شێوە یاریدەدەرێک بۆ ئەمریکییەکان (بکەری دووەم) وەردەگرێت. لەبەرئەوە وەک هانز بێرتێنز دەڵێ، بە ناچاری پێویستە مۆدێلەکە بۆ پتر لە جارێک بەکاربێت (بێرتێنز، ٢٠١٥: ١٢٦)، لە بکەری دووەمدا کە ئەمریکییەکانن، بابەتبوونی بەندەر جۆرێکی ترە، هاوکات دژایەتییەکانی بکەری یەکەمیش هەموو لەئاست بکەری دووەمدا دەبنە یەک؛ واتە، جیاوازییەکان لە پاش ئەمریکییەکانەوە نامێنن و هەموو بەرامبەر بە بابەت یەکدەگرن، «ژن و پیاو تێکەڵبوون و لەخۆشیدا دەیانقیژان و هاواریان دەکرد، باوەشیان بە یەکدا دەکرد و دەگریان، خەڵکی جیاوازبوون، دینی و کۆمۆنیست، کورد و تورک، موسڵمان و کریست، بەڵام ئەو ساتە شێتانەیەی شادی، ئەو ڕزگاربوونە کتوپڕ و چاوەڕواننەکراوە هەموویانی کردبوو بە یەک» (عەلی: ٢٠٢٢: ٣١٨). کەواتە، زۆرتر یاریدەدەر و ڕێگرەکان لە بکەری یەکەمدان:

| یاریدەدەر | ڕێگر و بەرهەڵستکار |
|---|---|
| یەکرەنگی و یەکبوون | خۆبوون و جیاوازیی |
| ئایدۆلۆجیا و دەسەڵات | ئەمریکییەکان |
| تێگەیشتنی مێژوویی | عەشق و یاخیبوون |
| باوکی و عەبیرخان | نەزانینی زانین + وانەکانی ناو زیندان |
| یاسا | مەحکوومکراوەکان و بەتایبەت فواد شەبیب |
| گوتاری ئایینی و مەلاکان | ترس لە خوا و دوودڵیی سەید |
| بەڕێوەبەران و ئەندامانی زیندان | بێتاوانی و منداڵبوون |
| غەریزە و ڕق | شۆفێرەکەی گەیاندی بە گەراج |
| جەلادان | نەوفەل |
| هۆگریی زیندان و بێماڵیی خودی بابەتەکە | لە زینداندا گەورەبوون و یادەوەریی هاوبەش |
| تەلعەت | شادی |
| ژنی مامۆستا فواد | جەمال فەیلی و د. خالق فەیلی |

## ۳-۵- گۆڕانەکانی ڕەوتی گێڕانەوە

گێڕانەوە بە بەرنامە دەڕوات بەرێوە، گۆڕانەکانی ناو گێڕانەوە، چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراون؛ ئەم گۆڕانانە کاریگەرییان لەسەر کردەی کردەنوێنەکان، ڕەوتی گێڕانەوە و جوانیناسیی دەق هەیە. حەمە مەنتک لە کتێبی *سیمۆلۆژیای گێڕانەوە* گەلاڵەی گێڕانەوە بە بار و گواستنەوەکان دادەنێت، کە نیوەی بارە و نیوەی گواستنەوەیە. لە باردا، پێیوایە: ئەگەر پەیوەندیی خود و بابەت ئەرێنی بوو، ئەوا بەیەکگەیشتنە؛ ئەگەر نەرێنی بوو، ئەوا جیابوونەوەیە. چەمکی گواستنەوەش دوو جۆرە:

ا. گواستنەوەی جیابوونەوە: گۆڕان و گواستنەوەیە، لەباری بەیەکگەیشتن بۆ باری جیابوونەوە، سەرەتا خود بە بابەت گەیشتووە پاشان لێی جیابۆتەوە.

ب ـ گواستنەوەی بەیەکگەیشتن: گواستنەوەیە لە باری جیابوونەوە بۆ باری بەیەکگەیشتن (مەنتک، ۲۰۱۹: ۱۵۵).

سەبارەت بە باری ناو ڕۆمانەکە، بە پێکەوەبوون بۆ جیابوونەوە دەستپێدەکات. پاڵنەری جیابوونەوەکەش ئەمریکییەکانە، بەڵام بابەت کە شوێن و ماڵی نییە و نۆستالژی بۆ زیندان هەیە، دەگەڕێتەوە ناو زیندان و یەکگرتنەوە ڕوودەدات. لەلایەکی ترەوە، گواستنەوە بەهۆی عاشقبوونی بابەتەکەوە ڕوودەدات و جیادەبنەوە، بەڵام گەرانی بکەر بە دوای بابەتەکەی و بە دۆزینەوەی، یەکگرتنەوە ڕوودەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتاییدا بەهۆی ڕووخانی بکەرەکە (بەعس) لە لایەن ئەمریکییەکانەوە، گواستنەوەی جیابوونەوە ڕوودەدات. وێڕای ئەوەش، ڕووخانی بکەر و دەستپێکردنی بکەرێکی نوێ کە ئەمریکییەکانن، جۆرێک لە پشوو دەدات بە ڕەوتی یەکەمی گێڕانەوەکە و دەستپێکردنەوەی لە شێوەی گەڕانەوەیەکی نوێدا، کە بابەت بە یاریدەی بکەری نوێ بۆ لای بکەری یەکەم دەگەڕێتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت بە خۆی، کە لە کوێوە هاتووە، چی بەسەر هاتووە، کێ خاوەنیەتی و ئاراستەی دەکات، دەستدەکەوێت. لەبەرئەوە، پشوودانی ڕەوتی یەکەمی گێڕانەوەکە بەخەبەرهێنانەوەی تێدایە و زۆر درێژ نییە.

لە لایەکی ترەوە، ململانێی سەرەکیی بەعس لەگەڵ شیوعی، کورد، شیعە، جەنگی دوورودرێژی لەگەڵ ئێران و داگیرکردنی کوێت، هاوکات هێرشی چەندجارەی ئەمریکییەکان، کە لە ساڵی ۲۰۰۳ بە تەواوی ڕووبەڕووی بەعس دەوەستێت و ڕژێمەکە دەڕووخێنێت، ئەمانە بە گشتی وا دەکەن، ململانێ و هاوکاریی ڕەوتگۆڕی و جووڵەی گێڕانەوە و بارگۆڕی کردەنوێن بن، بەڵام سەبارەت بە بەندەر هۆکاری سەرەکیی ململانێ و جووڵەی گێڕانەوە خۆی لە عاشقبوونی و جووڵەی

ئەمریکییەکان دەبینێتەوە، کە دەستکاری شێوازی ژیانی بابەتەکە دەکەن و ڕەوتی شوناس و ئامانجی خود دەگۆڕن. هاوکات لە بونیادی قووڵدا هەمموو ئەوانەی کە بابەت خۆی لێیان بێئاگایە و وەک نەبوو وان، بەعس/ بکەر بە هی بابەتیان دەزانێت و دەبنە جووڵەی یەکلایەنی ڕۆمانەکە؛ واتە، فەیلیبوون، کوردبوون، شیعیبوون، بەندەر خۆی بە خاوەنی هیچیان نازانێت، بەڵام خودی بەعس خواستی بۆ بابەتەکە پەیوەستی ئەم شوناسانەیە. کەواتە، بابەت شتانێکی هەیە، کە بە هی خۆی نازانێ و نەبووە بە شوناس، بۆیە پارێزگاریشی لێناکات و ململانێ لەسەر ئەو بەهایانە ڕوونادات، بەڵام بۆ بابەت شتانێکی تر دەبنە بەها و جووڵەی ناو ڕۆمانەکە بۆی، کە عەشق، ئازادی، ڕزگاریی بێ ئازادیی ئەمریکییەکانە، کە ڕاستەوخۆ دەرخەری ململانێی بونیادی قووڵ و ڕووکەشە. ڕزگاریی عێراق، ئازادی لێناکەوێتەوە، چونکە ئازادی بە خۆفریودان دروست نابێ، ئەویتریش ناتوانێت بیدات. لە لایەکی ترەوە، گۆڕانی ناوەکی بەپێی تەمەن و پێگەیشتنی بەندەر لە دۆخی بابەت و جووڵەی بکەر زۆر ڕوودەدات. ئێمە زۆرتر سەرنجمان خستە سەر گۆڕانە ڕیشەییەکان، دەنا سەیرکردنی لە سێدارەدان، بڕیاردان لە بردنەدەرەوە و بینینی پردەکە، بڕیاردان لە فێرکردن هتد، هەمموو دەوریان لە بارگۆڕان و گواستنەوەکاندا هەبووە.

لە کۆتاییشدا وێنەی بکەری یەکەم کە بەعسە لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت کە بە بابەتەکەی ناگات؛ یەکەم، خەونی بەرپێوەبەر بەدینایەت بۆ ئەوەی بەندەر لە سێدارەی بدات؛ ئەمەش دیمەنێکی درامی و وروژێنەری دروستکردووە؛ واتە، بابەت نابێتە بەشێک لەوان؛ دووەم، ڕووخان و لە سێدارەدران، جێگەیان پێچۆڵکرا بۆ بکەر و هێزێکی نوێ؛ ئەمەش پنتی گواستنەوەیە بۆ وێنەیەکی نوێی بکەری دووەم کە ئارەزوو و خواستێکی نوێی لە بابەت هەیە؛ بابەتی وەک نمایش دەوێت، بەڵام بەندەر/ بابەت لە کۆتاییدا نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێت تەواو ئەو ڕۆڵە ببینێت. بکەری دووەمیش وەک بێخێرێک سەیری دەکات و کۆڵی لێدەدات، چونکە ئایدۆلۆجیای بکەری دووەم/ ئەمریکییەکان زۆرتر پراگماتیکییە و لەگەڵ پێگە و شوێنی بابەت نایەتەوە.

## ٤. ئەنجام

لە مۆدێلی کردەنوێندا، خود کە بەعسە، لەسەر وێنەی بابەتەکە نەک خودی بابەتەکە کاردەکات. هاوکات هەندێک لە یاریدەدەرانی خودیش کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بابەتەکەدا دەژین، دەکەونە ململانێ لە نێوان بابەتەکە خۆی و وێنەکەی کە فەیلیبوون، کوردبوون و شیعەبوونە. لەبەرئەوە منالێکی بێ تاوان و فەیلییەکی کوردی تاوانبار کێشە بۆ خود و یاریدەدەرانی دروست دەکات، تا ئەوەی پەنا بۆ یاسا و خوداش دەبەن، کە دیسان ئەمەش ناکۆکی ناو ناکۆکیان بۆ دروست دەکات؛ تێبینی سەید هاشم بکەین، لەم دۆخەدایە. هەروەها بە بابەت لەناو ماڵی خود و بێگانە لەدایکدەبێت؛ ئەو ماڵەش زیندانە، کەواتە لەناو دژی ناجۆردا لەدایکدەبێت، تاکە فەیلیشە لەناو سیستمەکەدا ماوە. لەبەرئەوە هەڵسوکەوتی سیستمەکە لەگەڵیدا لێوانلێوە لە ئەزموونی نوێ و یەکەی واتایی دژ و ناکۆک. واتا لەناو ئەم دژە ناجۆر و ناوازەیەدا هەڵدەقوڵێت، چونکە خود گیر دەخوات بەدەست بابەتەکەیەوە و نازانێت نەفرەتی لێبکات یان وەک کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات.

پەیوەندییەکان لە ڕۆمانەکەدا ئاڵۆز و ئاوێتەن؛ ناکرێت بەشێوەی میکانیکی دوانەکان دیاریی بکرێن، بۆیە ڕێگر و یاریدەدەران، بەشێوەی ئاڵۆز ئامادەن؛ ڕێگری یاریدەدەر و یاریدەدەری ڕێگریش هەن؛ هاوکات بەپێی بەستێنە جیاوازەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە، نەوفەل. شادی بەپێی سیستم یاریدەدەرە، بەڵام ڕۆڵی ڕێگر دەبینێت و هاوکاری بابەتە. بەهۆی منالی بابەت و شوێنەکەی کە لەناو ماڵی بکەردایە، بکەریش بەشێوەیەکی سنووردار ڕێگە بە بابەت دەدات وانە لە دژەکانیان وەربگرێت، داینامیکیەتی گێڕانەوە و پەیوەندیی ڕێگر و یاریدەدەرەکان بەرجەستەکراوە. لەلایەکی ترەوە بابەت نەگۆڕە، بەڵام بکەر دەگۆڕێت؛ ئەمەش جووڵێنەری ڕەوتی گێڕانەوە و تەواوکردنی پرۆسەی گێڕانەوەکەیە. کردە و جووڵەکانی بکەری یەکەم و دووەم بۆ دەستبەسەراگرتنی بابەتەکەیان جێبەجێ نابێت و ناتوانن بەسەر ئامانجەکەیاندا سەربکەون؛ هەرچەند وێنەی کۆتایی بابەت کە کۆتایی ڕۆمانەکەشە، تراژیدییە، بەڵام نیشانەی یاخیبوون و پێکنەهاتنی گوتاری بکەری تیا دەبینین. هەرچی سەبارەت بە نێرەر و وەرگرە زۆر و ئاڵۆزە؛ لە لایەک دەتوانین ڕۆژنامەنووس وەک نێرەر و ڕۆژنامە وەک وەرگر ببینین، کە ڕۆژنامەش دەبێتەوە بە نێرەر و خوێنەریش بە وەرگر. هاوکات دەشکرێت نێرەر بە مێژووی تێگەیشتن و جیهانبینی عەرەب و بەعس دابنێین،

وەرگریش سەرۆک، بنەماڵە و حیزبی بەعسە. لە بونیادی قووڵیشدا نەخۆشییەکەی بەندەر کە گوتار و پەیامی دەقەکەیە، نێرەرە و وەرگریش تێگەیشتنە لە نەخۆشییەکە و پەیامەکەی ڕووی لە خوێنەری دەقەکەیە.

## پەراوێز

* ئالگێرداس جولیان گریماس، لە ۱۹۱۷ لە شاری تولا (وڵاتی لیتوانیای ئەمڕۆ) لە باشووری مۆسکۆ لەدایکبووە، لە ساڵی **۱۹۴۹** لە فەڕەنسا و زانکۆی سۆربۆن دکتۆرای لە ئەدەبیات بەدەستهێناوە. گریماس زۆربەی کارەکانی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە. لە نێو کارەکانیدا زیاتر بە تیۆریی چوارچێوەی گریماس: Greimas Square ناسراوە. هاوشان لەگەڵ ڕۆلان بارتدا، بە دیارترین نیشانەناسانی فەڕەنسی دادەنرێت. لە بناغەدارێژەرانی فێرگەی نیشانەناسیی پاریسییە. لە پاش بڵاوبوونەوەی *واتاناسیی بونیادی* و *لەبارەی واتاوە* بە گەورەترین تیۆریزانی واتاناسیی گێڕانەوە ناوی دەرکرد و بووە دامەزرێنەری سیمۆلۆجیای گێڕانەوە. ساڵی **۱۹۹۲** لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە.

## سەرچاوەکان

### کوردی


ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٤). *پێکهاتە و ڕاڤەی دەق*- کتێبی یەکەم. وەرگێڕانی مەسعوود بابایی، هەولێر: ڕەنج.

جبار امین، سیروان و هونەر انوەر مام صوفی (٢٠٢٢). «شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسیی فلادیمێر پڕۆپ بە نموونە حیکایەتی چل کەزی». گۆڤاری *تویژەر*، بەرگی ٥، ژ ١.

بێرتێنز، هانز (٢٠١٥). *بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی*. وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز (٢٠١٨). «سیمۆلۆژیای گێڕانەوە لە ڕۆمانی *کۆشکی باڵندە غەمگینەکان*ـی بەختیار عەلیدا». گۆڤاری *تویژەر*، بەرگی ١، ژمارەی ١.

شارەزووری، یادگار لەتیف (٢٠١٥). *دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی*. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون.

عەلی، بەختیار (٢٠٢٢). *بەندەر فەیلی*. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند.

مەنتک، حەمە (٢٠١٩). *سیمۆلۆژیای گێڕانەوە، هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموون*. سلێمانی: دەزگای سەردەم.


### فارسی


اسکولز، رابرت (١٣٧٩). *درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات*. ترجمەی فرزانە طاهری، تهران: آگاه.

پراپ، ولادیمیر (١٣٩٦). *ریخت شناسی قصەهای پریان*. ترجمەی فریدون بدرەای، تهران: انتشارات توس، چاپ چهارم.

ثواب، فاطمە (١٣٩٦). *بررسی ساختار روایی منظومەهاي غنایی بر پایەي نظریەي گریماس (ویس و رامین، خسرو و شیرین، جمشید و خورشید، هماي و همایون، لیلی و مجنون)*. رسالە دکترا، دانشگاه سیستان و بلوجستان.

حسین پور سرکاریزی، احمد و همکاران (١٣٨٩). «تحلیل ساختار روایی و کنش گفتمان رمان *سمفونی مردگان* بر پایە نظریە نشانە-معناشناختی روایی گریماس». فصلنامە *روایتشناسی*، سال٣ شمارە ٦.

سیبیاک، تامس آلبرت (١٣٩٩). *نشانەها: درآمدی بر نشانەشناسی*. ترجمەی محسن نوبخت، تهران: علمی، چاپ دوم.

شعیری، حمیدرضا (١٣٨٥). *تجزیە و تحلیل نشانە-معاشناختی گفتمان*. تهران: سمت.

ـــــــ (١٣٨٨). «از نشانەشناسی ساختگرا تا نشانە-معناشناسی گفتمانی». فصلنامە *نقد ادبی*، س ٢، شمارە ٨.

صفوی، کورش (١٣٩٨). *آشنایی با نظریەهای نقد ادبی*. تهران: علمی.

عباسی، علی (١٣٩٥). *نشانە-معناشناسی روایی مکتب پاریس (جایگزینی نظریە مدلیتەها بر نظریە کنشگران: نظریە و عمل)*. تهران: دانشگاه شهید بهشتی.

عباس، علی و میترا مرادی (١٣٩٦). «بررسی تولید معنا در نظام گفتمانی روایی رمان و اگر حقیقت داشت اثر مارک لوی بر اساس الگوی مطالعاتی گرماس». فصلنامە *نقد و زبان ادبیات خارجی*، دورە چهاردهم، شمارە ١٩.

گرمس، آلژیرداس ژولین (١٣٨٩). *نقصان معنا*. ترجمە حمید رضاشعیری، تهران: علم.

مکوئیلان، مارتین (١٣٩٥). *گزیدە مقالات روایت*. ترجمەی فتاح محمدی، تهران: مینوی خرد، چاپ دوم.

مکاریک، ایرنا ریما (١٣٩٠). *دانشنامەی نظریەهای ادبی معاصر*. ترجمەی مهران مهاجر و محمد نبوی، تهران: آگە، چاپ چهارم.


### عەرەبی


ا.ج. غریماس (٢٠١٨). *سیمیائیات السرد*. ترجمە و تقدیم د.عبدلمجید نوسي، المرکز سقافی العربی، دار بیضاء-مغریب، الطبعە الاء.

أونیس، أمینە (٢٠١٨). *سیمیائیة الشخصیة فی روایات واسینی الآعرج «المخطوطە الشرقیة، أصابع لولیتا*، مملکة الفراشة» أنموذجا. رسالە کلیە الآداب و اللغات، قسم الآداب و العربیة، جامعە محمد خضیر- بسکرة.

بن مالک، رشید (۲۰۰۰). *قاموس، مصطلحات التحلیل السیمیائی النصوص، عربی، انجلیزی، فرنسی*. ؟: دار الحکمة.

بوعزه، محمد (۲۰۱۰). *تحلیل النص السردی*. جزائر العاصمه: منشورات الاختلاف.

بوعطیة، سعید (۲۰۱۳). «المرجعیة المعرفیة للسیمیائیات السردیة (جریماس نموذجا)». مجله، *semat* Vol, 1, No.1.

علوش، سعید (۱۹۸۵). *معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة*. البنان: دارالکاتب.

مفتاح، محمد (۱۹۹۲). *تحلیل الخطاب الشعری، استراتیجیه التناص*. لبنان-مغریب: المرکز الثقافی العربی، طبعه ۳.

**ئینگلیزی**

Baldick, C. (2011). *The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms*. 2nd ed. Oxford: Oxford University Press.

Greimas, A. J. (1987). *On Meaning Selected Writings in Se1niotic Theory*. Translation by Paul J. Perron and Frank H. Collins, University of Minnesota Press, Minneapolis.

Greimas A. J., and J. Courtés (1982). *Semiotics and language*. Translated by Larry Christ, Daniel Patte, James Lee, Edward McMahonII, Gary Phillips, & Michael Rengstorf. Bloomington, IN: Indiana University Press.

Greimas, A. J. (1990). *Narrative semiotics and cognitive discourses*. London: Pinter.

**سویدی**

Nilson, K. B., Romoren, De andra. (2008) *Att möta texten. Översättning*: S. Sandelin, Lund (Sweden).